ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

١٠ ی کانونی دووەم / جەنیوەری ٢٠٢١
ژمارە ٣



## هێرشی لایەنگرانی ترامپ بۆسەر کۆنگرێس و پەیامەکانی!

موحسن کەریم

ڕۆژی ٦ی کانونی دووەم، لەسەر بانگەوازی ترامپ، بەمەبەستی پەکخستنی پرۆسەی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بە قازانجی جۆ بایدن، لایەنگرانی هێرشیانکردە سەر تەلاری کۆنگرێسی ئەمریکا. لەئاکامی ئەم ڕوداوەدا ٥ کەس گیانیان لەدەستدا. ڕوداوی هێرشکردنە سەر کۆنگرێس، قیبلەی دیموکراسی ئەمریکاو ڕۆژاوا، لەلایەن لایەنگرانی سەرۆکی ئەو وولاتەوە پووچی خودی دیموکراسی بۆرژوازی و بانگەشەکانی چینی بۆرژوازی و سیاسەتمەدار و بیرمەندەکان و ڕۆشنبیرەکانی نمایش دەکات.

بۆرژوازی ڕۆژاوایی و ڕەوت و بزوتنەوەکانی وانیشان دەدەن کە هەڵبژاردن و دەنگدان پرۆسەیەکی نەرم و دیموکراسی و ئاشتیخوازانەیە بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات. ئەوەش وەکو سیستەمی سیاسی و دەوڵەتداری گونجاو ونمونەیی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بانگەشە دەکەن. بەشێکی گرنگی ئەم بانگەشەشیان بەرامبەر بە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری و حکومەتی کرێکاری و هەر جۆرە حکومەتێکە کە هاوجوت بێت لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا.. گوایە دەسەڵاتە کرێکاریەکان سەرکوتگەرو دیکتاتۆرین و ئازادیەکان زەوت دەکەن و بەشێوەی زەبروزەنگ و خوێنڕشتن دەیانەوێ دەسەڵات وەربگرن!

هەڵبەتە ئەو دەستاودەستکردنەی دەسەڵات ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتە لەنێوان باڵ و بەشەکانی بۆرژوازی یان هێزو حزبە سیاسیەکانیدا، بە پاراستنی هەموو بنەماکانی دەوڵەتی بۆرژوازیەوە. بۆرژوازی دەیەوێ ئەم جۆرە لە دەسەڵاتداریێتی وەکو نمونەی بێوێنەی فەرمانڕەوایی بە مرۆڤایەتی و بەچینە ستەم لێکراوەکانیش بقەبڵێنێ... دەنا هەرکاتێک چینی کرێکارو توێژە بێبەشەکانی

بۆ لاپەڕە ٢

گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ سەبارەت بە :

## پرسە سەرەکیەکانی چینی کرێکار



ئۆکتۆبەر: وەستا مەهدی ئێوە وەکو هەڵسوڕاوێکی کرێکاری و کۆمۆنیست، تەمەنێکە لەناو کرێکارانی کوردستاندا کار دەکەن و هەڵسوڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەکەن. بەبڕوای ئێوە بارودۆخی ڕێکخراوەیی کرێکاران و خەباتی ڕۆژانەیان بۆ باشکردنی ژیان و هەلومەرجی کاریان چۆنە؟ هۆکاری چیە کە تائێستاش کرێکارانی کوردستان لە کەمترین شێوازی ڕێکخستن بەهرەمەندن و زۆر بەکەمی جموجوڵە کرێکاریەکان بەرچاو دەکەون؟ئەو گرفتە فکری و زهنینانە چین کە وادەکات کرێکاران لەو پێگەیەدا دەرنەکەون؟

مەهدی ڕەسوڵ: لەڕاستیدا بارودۆخی ڕێکخراوەیی کرێکاران

بۆ لاپەڕە ٣

## بەڵێ بۆ بەرگری لە ژولیەن ئەسانج!

عەبدولا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥

## شۆڕشی ١٩٠٥ ی ڕوسیا و دوو هێڵی چینایەتی جیاواز!



مستەفا باهیر

لەسەر هەڵگیرسان و شکستی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ ی خەڵکی ڕوسیا دژی سیستەمی قەیسەری. ناکۆکیەکی گەورەی بەدوایخۆیدا هێنا لە ناو سۆسیالیستەکاندا، بەتایبەتی لەبەینی مەنشەفی وبەلشەفیەکاندا. لینین پێیوابوو کە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ ی ڕوسیا شۆڕشێکی بۆرجوازی دیموکراتیە،وەک باقی شۆڕشەکانی تری ئەوروپا،کە تەقینەوەیەکی جەماوەری بوو هەموو چین و توێژە ناڕازیە ستەملێکراوەکانی لەخۆ دەگرت. بێگومان لەناو ئەم چین و توێژە ستەملێکراو ناڕازیانەدا وردە بۆرژوازی و کرێکاری تێدا دەبوو. بەبێ ئەم بەشداریەش خەباتی جەماوەری و شۆڕش ئەستەم دەبوو. بێگومان ئەم چین و توێژە وردە بۆرژوایانەش بیروباوەڕو هەوڵە کۆنەپەرستەکانیان دێننە ناو مەیدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە. ئەرکی کرێکاری پێشڕە و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە ئەم هێزەلەژێر ڕابەری چینی کرێکاردا ڕێکخات وخۆی سەرپەرشتی شۆڕشەکە بکات.

شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕوسیاش بەهەمانشێوە لەوجۆرە گروپ وهێزانە پێکدەهات کە هەریەکەیان نوینەرایەتی چینو توێژێکی دەکرد. بەشی زۆری خەڵکی بە کرێکارو جوتیارو بۆرژوازی

بۆ لاپەڕە ٧

## حکومەتی قەیرانگرتوو لەبەرامبەر خەڵکدا!

خەسرەو سایە

بۆ لاپەڕە ٨

## درێژەی .. هێرشی لایەنگرانی ترامپ...

کۆمەڵگا، نەک هەوڵەکانی بۆ ڕامالینی دەسەلاتی ئەوان یان سەندنەوەی دەسەلات لەوان، کەوتۆتە بەر پەلاماری درندانەو خوێنڕشتن و کوشتاری بە کۆمەڵەوە، بەڵکو تەنانەت ئەگەر بۆ داواکردنی مافەکانی خۆشیان کەمێک لەو سنورەی دیموکراسی بۆرژوازی بۆی دیاریکردوون پێیان زیاتر درێژکردبێت، ئەوا ڕووبەڕووی پەلامارو هێرشی درندانەی پۆلیس و سوپای بۆرژوازی بوونەتەوە. کار دانەوەی بۆرژوازی فەرەنسی بەرامبەر بە شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، کاردانەوەی دەوڵەتی تزاری بەرامبەر بە کرێکاران و ڕێکخراو و حزبەکانی لە شۆڕشەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧دا ، کاردانەوەی بۆرژوازی جیهانی و دەخالەتی سەربازی بۆ ڕوخاندنی حکومەتی کرێکاری و سەپاندنی شەڕێکی ٣-٤ ساڵەی ناوخۆ بەسەر بەلشەفیەکان و دەوڵەتی کرێکاریدا، کوشتاری کرێکاران و ڕابەرەکانی وەکو کارڵ لیبکنخت و ڕۆزا لۆکسمبورگ.. لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە..و دواتریش پیلانگێڕیەکانی ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا و ئەمریکا دژ بەحکومەتی سلڤادۆر ئەلەندی چەپگەرا و پشتیگری لە کودێتای سەربازی بەڕابەریی دیکتاتۆری چیلی ( پینۆشە).. دواتریش کوشتاری بەکۆمەڵی کۆمۆنیستەکان لەلایەن دەوڵەتی ئەندەنوسیا ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦داو لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانەوە ساڵی ١٩٨٠ چەندین نمونەی دیکە... ناڕاستی و پووچیی ئەو بانگەشەیەی بۆرژوازی دەخاتەڕوو.

هەروەها نمونەکانی هێرشی پۆلیسی فەرەنسا بۆسەر کرێکارانی بەنزینخانەکان و شکاندنی مانگرتنیان بەزەبری چەک لە ساڵی ٢٠١٦ و هێرشی درندانە بۆسەر هێلەک زەردەکان . هێرشی درندانەی پۆلیسی بەریتانیا و ئەمریکا بۆسەر خۆپیشاندەرانی بزوتنەوەی ٩٩% و ... تاد. ئەمانە چەند گۆشەیەکن لە مامەڵەی پۆلیسی دیموکراسی ڕۆژاوایی بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانێک کە تەنها داوای یەکسانی و بەرینکردنەوەی دیموکراسیان کردوە بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ناوەندەکانی کارو کورتکردنەوەی دەستی بانک و دامەزراوە ئۆلیگارشیەکان بووە.

بەڵام ئەم هێرشەی لایەنگرانی ترامپ بۆسەر کۆنگریس، ئەوەی نیشاندا کە بۆرژوازی چ ئامادەییەکی تێدایە بۆ کاولکاری و وێرانکاری کۆمەڵگا، کاتێک لەوە دڵنیا نەبێ کە دەستاودەستکردنی دەسەلات بە دڵی ئەو دەبێت. ئەمەی ئێستا لە ئەمریکا ڕوودەدات کە هێشتا گواستنەوەی دەسەلاتە لە حزبێکی بۆرژوازیەوە بۆ حزبێکی دیکەی بۆرژوازی، بەبێ ئەوەی هیچ درزێک بکەوێتە ناو دیواری دەسەلاتی بۆرژوازیەوە. ئەوەی نمایشکرد کە هەرچی بانگەشەی دیموکراسی و گواستنەوەی نەرم و ئاشتیانەی دەسەلاتە شتێکی دیکە نیە بێجگە لە پروپاگەندەیەکی دژە خەڵکی و چەواشەکاری و بێدەنگکردن و ڕامکردنی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشە بەدەسەلاتی بۆرژوازی...

بەڵام ئەمە تەنها لایەنێکی مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە. ئەوەی کە دەبێ لە ڕوداوی هەڵکوتانە سەر کۆنگریس هەڵ بهێنجرێ ئەو هێزە شاراوە لۆمپن و چەقۆکێشەیە کە لەناو کۆمەڵگای ئەمریکادا و لەسەر دەستی بۆرژوازی ئەو وولاتەدا پەروەردە دەکرێ. هێزێک کە لەسەر قسەی کەسێکی وەکو ترامپ ئامادەیە هێرش بکاتە سەر قیبلەی دیموکراسی و دەسەلاتەکەیان... چ جای ئەوەی کە ئەو هێزە ڕووبەڕووی مەترسی جموجوڵ و خرۆشانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئەو وولاتە بێتەوە. ئەوکاتە ئاستی درندەیی ئەو هێزە بۆ کۆمەڵگای ئەمریکاو جیهان دەردەکەوێ... ئەو کاتە دەردەکەوێ کە بۆرژوازی چ ئامێرێکی وێرانکەری پەروەردە کردوە لە دژی کۆمەڵگاو هەموو هەوڵێکی جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا بۆ ئاڵوگۆر لە ژیان و چارەنوسی سیاسی و ئابوری خۆیاندا. ئەم هێزە لۆمپن و چەقۆکێشەی بۆرژوازی لەناو ئەو کەشوهەوا کۆمەڵایەتیە ڕاسیست و و دژە کرێکار و دژە کۆمۆنیستەدا توانای خۆی وەردەگرێ کەترامپ نوێنەرایەتی دەکات. ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی کە لەپشتی ترامپ و ترامپیزم، یان بەمانایەکی سیاسی، لۆمپنیزم و چەقۆکیشی بۆرژوازیدا وەستاوە، بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئەمریکا پێکدەهێنێ. مەترسیەکە لێرەدایە کاتێک ترامپ ٧٤ ملیۆن دەنگی دەنگدەرانی کۆمەڵگای ئەمریکا بۆخۆی کۆدەکاتەوە. ئەم ژمارە گەورەیە ڕادەی ترسناکی دیاردەی ترامپیزم و لۆمپنیزمی بۆرژوایی ئەمریکا لەسەر کۆمەڵگای ئەمریکاو جیهان دەخاتەڕوو. ئەمە مەترسیەکە کە بە دۆڕانی پۆستی سەرۆکی کۆمار لەلایەن ترامپەوە کۆتایی پێنایەت.

دیاردەی ترامپیزم، کە وەکو مەترسیەک لەلایەن خودی بۆرژوازی ئەمریکا و بگرە جیهانەوە ئاماژەی بۆدەکرێ. تەنا لەو ترسەوەیە کە بنەماکانی دیموکراسی بۆرژوازی و دەنگدان و پەرلەمان و بەهاکانی لیبراڵیزم و نیولیبراڵیزم بێبایەخ بن و بکەونە بەردەم ڕەخنەی ڕیشەیی بێبەشانی کۆمەڵگای ئەمریکاوە. ترسیان لەوەیە کە ترامپیزم سەرتاپای تەلارەکەیان بروخێنێ و لەبەردەم بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی کۆمەڵگای ئەمریکادا بەچۆکیدا بهێنێ. دەنا نیگەرانی ئەوە نین کە دیموکراسی کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەو مەترسیەوە، وەکو خۆیان بانگەشەی دەکەن.

لەڕاستیدا ترامپیزم وەکو هێزێکی وێرانکەر، تەنها بەهێزی چینی کرێکارو بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکاری ئەمریکا دەتوانرێ بەرەنگاری بکرێ و تێک بشکێنرێت. هێزێک کە ماوەیەکە لە کۆمەڵگای ئەمریکادا سەرەتاو نیشانەکانی دەرکەوتووە ڕەنگدانەوەی ئەم هێزە لە خودی دەرکەوتن و بەرزبونەوەی کەسێکی وەکو بێرنی ساندەرز و هاوەڵەکانیدا دەرکەوت. بانگەشەی بێرنی ساندەرز بۆ سۆشیالیزم و دژایەتیکردنی دیاردەی نایەکسانی ودەسەلاتی بانکەکان و دامەزراوە بۆرژوازیەکانی ئەو وڵاتە نیشاندەری سەرهەڵدان و بەرزبونەوەی ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتیە سۆشیالیست ویەکسانیخوازەیە کە لە کۆمەڵگای ئەمریکادا چەکەرەی کردوە. هەر ئەم هێزەش دەتوانێ سنورێک بۆ دیاردە ترامپیزم و چەقۆکێشی بۆرژوازی دابنێ و جیهانیش لە مەترسیەکانی ئەم پەتایە ڕزگاربکات.

★

## درێژەی .. سەبارەت بە پرسە سەرەکیەکانی چینی کرێکار، گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

لە ئاستێکی زۆر خراپدایە. سەرەرای ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاران کە لە کارگەو دامەزراوە پشەسازی و خزمەتگوزارانیەکاندا کاردەکەن، شتێک بەناوی ڕێکخراوەی کرێکاری بەتایبەت لە پرۆژە پیشەسازیەکانی کەرتی تایبەت بەدی ناکرێ، تەنها یەکێتی سەندیکاکانی کوردستان نەبێت کە لقەکانی لە هەولێرو سلێمانی و دهۆک هەیەو ئەویش دەورێکی ئەوتۆی نییە و کەمترین دەخاڵەتی هەیە لەسەرکێشەو مەسەلەکانی کرێکاران.

بەڵام کرێکاران ڕۆژانە بۆ باشکردنی ژیان و هەلومەرجی کاریان لەهەموو شوێن و ناوەندەکانی کاردا روبەروبونەوەیان هەیە لەگەڵ خاوەنکاردا. خەباتی ڕۆژانەی کرێکار شتێک نییە خۆی هەڵبژێرێت. مشتومری کرێکار لەگەڵ خاوەنکار لەسەر زۆری سەعاتی کار و لەسەر کەمی حەقدەست و ناسەلامەتی شوێنی کارە، لەدژی دەرکردن لەسەر کار و نارەزایەتی لەدۆخی کارو ژیانی ئەو نەک لەناو کارو لەشوێنی کارەکەیدا، تەنانەت لەشوێنی ژیان وگوزەرانیشیاندا بەردەوامە، بەڵام هێشتا ئەوجۆرە لەخەبات ناتوانێت زامنی لانی کەمی مافە یاساییەکانی کرێکاران بێت و تەنانەت زامنی کەمترین نوێنەرایەتی یاسایی بۆکرێکاران دەسەبەرکات. ئەوجۆرە لەخەبات و نارەزایەتی پچرپچرو نارێکخراو هیچکات ناتوانێ بەشێوەیەکی گونجاو لە بەرژەوەندی کرێکاران بگەڕێتەوە.

هەڵبەتە کۆمەڵێک ڕێگری هەن کە وادەکەن کرێکاران نەتوانن دەست بەرن بۆ دروستکردنی رێکخراوی خەباتکارانەی خۆیان. یەکێک لەو هۆکارانەی کە نەک هەر دەستبردنی کرێکارانی بۆ رێکخراوبوون سەخت کردوە، بەڵکو تەنانەت بەجۆرێک ناچاریش بوون چاو لە هەندێ پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانیان بنوقێنن، ترسە لە بێکارکردن و دەرکردن لەسەر کار. ڕێژەی بێکاری بەڕادەیەکی زۆر زیادی کردوە. بێکارکردن و هەڕەشەی لەسەر کاردەرکردن هەمیشە وەک چەکێکی بەهێز لەلایەن خاوەنکارەکانەوە بەرامبەر بەکرێکاران بەکار دەهێنرێت. بۆنمونە کرێکارێکی کارگەی دەرمانسازی پایۆنیر باسی لەوە کرد لە کۆمپانیاکەی ئەوان هەرکەسێ باسی هەرشتێک بکات کە لەبەرژەوەندی کرێکارەکان بێت، نەک رێکخراوبون، یەکسەر دەریدەکەن و کەسی تر دەخەنە شوێنەکەیان. ووتی لە ئیدارەی کۆمپانیا دەیان (سیڤی) هەیە هی کەسانێکە کە شەهادەی زۆرلەوەی ئێمە باڵاتریان هەیە و داوای کار دەکەن و واسیتەشی کردوە تا کارێکی دەست بکەوێ! هەروەها کرێکارێکی کارگەی ئاسن و پۆلای ماس و کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە کاتێ پرسیارم لێکردن لەسەر گرفتەکانی بەردەم رێکخراوبوونیان، هەمان وەڵامیان دامەوە. هاوکات بەشێک لەو کرێکارانەی کە لەسەر کارن لەرێگای خزمایەتی و مەحسوبیەتەوە دامەزراون و بەناچاری دەبێ گوێڕایەڵی خاوەنکار بن!

لەلایەکی دیکەوە لاوازیی مەیل و ڕەوتی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی لەناو کرێکارانی کوردستاندا و نەبوونی ریزێک لە رابەران وهەڵسوڕاوانی کرێکاریی هوشیارو کۆمۆنیست کە هیدایەتی کرێکاران بکات لە مەیدان و ناوەندەکانی کاردا یەکێکی دیکەیە لە گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم لاوازیی رێکخراوبوونی کرێکاران و دروست نەکردنی رێکخراوە کرێکاریە جەماوەریە خەباتکارەکان. بوونی تەیفێک لەم رابەرو هەڵسوڕاوانە دەتوانێ لەروی فکری و سیاسیەوە کرێکاران هوشیار بکاتەوە و جێگاورێگای خۆیان وەک چینێک لە کۆمەڵگادا بناسن. بەڵام سەرباری ئەوەی باسم کرد لە چەند شوێنێک کرێکارانێک جوڵەیەکیان کردوە کە ئومێد دەکەم دەست پێکردنی سەرەتایەکی باش بێت بەرەو رێکخراوبوونی کرێکاران و خەباتی رێکخراوەیی کرێکارانی کوردستان.

بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گرفتە فکری و زهنیەکانی کرێکاران، ئەوە مەسەلەیەکە کە قسەی زۆر هەڵدەگرێ و رەنگە بۆچوونی جۆراوجۆر لەوبارەوە لەناو هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هەبێ، بەڵام بە بروای من یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکان ئەوەیە کە بۆرژوازی تارادەیەک سەرکەوتوو بووە لە دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی کرێکاران بەسەر نەتەوەو مەزهەب و دین و گروپی کۆمەڵایەتی جیاجیادا و کرێکارانیش تارادەیەک بەم دابەشکردنە ئالودە بوون. لەسەر بنەمای ئەم وەهمەش لەناو کرێکاراندا دیسانەوە کرێکاران بەسەر ئەحزابی بۆرجوازی قەومی و تایفی و ئاینی دا دابەش بوون و بەوجۆرەش بێبەش بوون لە رێکخستنی سەربەخۆی سیاسی و جەماوەری چینایەتی خۆیان. بەمجۆرە کرێکاران لەسایەی جۆرێک لە هەژمونی فکری سیاسی بۆرجوازیەوە ئابلوقەدراون و رێگا دەگرێ لە دەرکەوتنیان وەک هێزێکی رێکخراوو کاریگەر.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە مەسەلە سەرەکیەکانی کرێکارانی کوردستان چین؟ لەرووی کێشەو گرفتەکانی کارو مەیدانەکانی کارکردنەوە، لەرووی خواست و داواکاریەکانەوە، یاخود ئەو پرسە سەرەکیە چیە کە زهنیەتی کرێکارانی داگیرکردوە و لەورێگایەوە دەتوانرێ بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بنێت!؟**

**مەهدی رەسوڵ:** کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی لەکوردستان لەگەڵ مەسائیلی جۆراوجۆر بەرەورووبن. بەشێکی زۆر لەو کرێکارو فەرمانبەرو کارمەندانەی کە مووچەو حەقدەستەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دەدرێ و کار بۆ حکومەت دەکەن، کە

دەتوانم بڵێم بەشی هەرەزۆری چینی کرێکاری کوردستان پێکدێنن، کۆمەڵێک مەسائیلی تایبەتیان هەیە. یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ساڵانێکە بەهۆکاری جۆراوجۆر حوکومەت دەستدرێژی دەکاتە سەر مافە یاساییەکانیان و بە نایاسایی دەست بەسەر موچەکانیاندا دەگرێ و لێیان دەبڕێ یان مووچەکەیان هەر خۆی لەوە کەمترە کە بەپێی یاسا دیاریکراوە. هاوکاتیش هەرکات حکومەت بیەوێ دەستکاری یاساکان دەکات و رێگایەک دەدۆزێتەوە بۆشەرعیەتدان بە برین و دەستبەسەراگرتنی مووچەکانیان. مەسەلەیەکی تری تایبەت بەم بەشە لە کرێکاران ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆریان دوای چەندین ساڵ خزمەت هێشتا گرێبەسەکانیان کاتیەو نەکراون بە کرێکاری هەمیشەیی. ئەگەریش تەمەنیشیان گەیشتبێتە ماوەی یاسایی خانەنشینی و بیانەوێت خانەنشین بن، ئەوە برێک پارەیان پێدەدەن وەک پاداشتی کۆتایی خزمەت و ئیتر هیچ مافێکی دیکەیان نامێنێ و تا کۆتایی تەمەنیان لە هەژاری و بێکاری و برسێتیدا بەسەردەبەن. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە بەشێکی زۆری ئەم کرێکارانەی کەرتی حکومی مووچەیەکی ئەوەندە کەم وەردەگرن کە بەشی ژیانێکی مەمرەو مەژیش ناکات. هەروەها نەمانی خزمەتگوزاری گشتی وەک داوودەرمان و مەسکەن وکۆمەڵێک خزمەتگوزاری دیکە کە پێشتر ئەم بەشەی کرێکاران هەیان بوو و ئیستا یان بەتەواوی نەماوە یان بێکەڵک بووە، وایکردووە کە موچەخۆری حکومەت ئەگەر کاتی خانەنشینیشی هاتبێت هەوڵ ئەدا لەسەر کار بمێنێتەوە، چونکە ئەو مووچەی خانەنشینیەی وەریدەگرێ لەوەش کەمترە کا کاتێک لەسەر کارە .

بەشێکی تر لەکرێکاران کە مەزندەکرێن بە٣٢٠هەزار کرێکار و لە دامەزراوەو پرۆژە پیشەسازیەکانی کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، سەرەرای ئەوەی کە مانگانە موچەوەردەگرن، بەڵام کۆمەڵێک مەسائیلی تایبەت بەخۆیان هەیە. یەک لەوانە گرێبەستی کارە کە تائێستا بەشێکی زۆریان چەندین ساڵە کاردەکەن، بەڵام هێشتا گرێبەستەکەیان کاتییەو خاوەنکارەکان پێشێلی یاساوریساکانی تایبەت بەکاروباری کرێکاران دەکەن. ئەوانیش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار کە لەوەڵامی پرسیاری یەکەمتاندا ئاماژەم پێکردوە بەناچاری بێدەنگیان هەڵبژاردوە. لەلایەکی دیکەوە، مەسەلەکانی شێوەی کارو پشووی کرێکاران، ناسەلامەتی شوێنی کار، کەمی کرێ، سەعاتکاری تاقەتپروکێن وکەمی خزمەتگوزاری و زۆرشتی تر لەسەروو هەموشیانەوە نەبونی ئازادی رێکخرابون، مەسەلە گرنگەکانی کرێکارانی ئەم بەشەن. خواست و داواکاریەکانیان بەگشتی لەچوارچێوەی تەنزیمکردنی ماوەی کار و زیادکردنی دەرماڵەو خزمەتگوزاری و هەڵگرتنی ئەو ژینگەی کارەدایە کە هاوشێوەی سەربازگەیە ..هتد. کرێکاران لەناو کارگەدا وەکو زیندان وان و لەقاڵب دراون و بۆیان نیە هیچ جموجوڵێکی سیاسی، جەماوەری و کۆبونەوە و چالاکی بکەن و بگرە سەبارەت بە بارودۆخی کارو مافەکانیان قسەوباس لەگەڵ یەکتردا بکەن. هەر جۆرە زانیاریەک سەبارەت بە کارگەو هەلومەرجی کاری کرێکاران بگاتە دەرەوەی کارگە وەکو بردنەدەرەوەی نهێنی کارگە مامەڵە دەکرێ و کرێکاری لەسەر سزا دەدرێ تا رادەی لەسەرکار دەرکردن.

بەمجۆرە زۆر سەختە کە کرێکاران لەدەوری خواستەکانیان کۆبنەوەو نوێنەراتیەک بۆخۆیان دەست نیشان بکەن. بەداخەوە ئەم بەشە لەکرێکاران ئەوەی کە زهنیەتی داگیرکردوون تەنها ئەوەیە لەسەر کار دەرنەکرێن! ئیتر بۆمەسائیلەکانی تر جارێ بێدەنگیان کردووە. بەڵام لەئێستادا باشترین رێگا کۆبوونەوەی گشتی کرێکارانە کە رۆژانە لەکاتی ئیسراحەتی نانخواردنی نیوەرۆ و لەکاتی گەرانەوە بۆماڵەوە کە فەزایەکە خاوەنکار بۆخۆی بۆی رەخساندون و ناتوانێت بەر بەکرێکاران بگرێ، سەبارەت بە پرس و مەسەلەکانیان قسەوباس بکەن و بریارو هەنگاوی پیویست هەڵگرن.

**ئۆکتۆبەر: لەکاتێکدا چینی کرێکار بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵگای چینایەتی کوردستانەو هەموو تەلاری چەوساندنەوەو هەژاری و نەبوونی و ستەمی سیاسیش لەسەر شانی ئەم چینە بەرزکراوەتەوە، کەچی لەناو جموجوڵە سیاسی و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی کوردستاندا توێژە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بەئاستێک لە خۆڕێکخستن و خواستی خۆیانەوە دەبینرێن، کەچی کرێکاران و چینی کرێکار ئەم هەست بە بوونی ناکرێ! ئایا ئەمە هیچ راستیەکی تێدایە؟ ئەگەر نا ئەی خۆنواندنی چینی کرێکار لەم ناڕەزایەتیانەدا چۆنەو چی وایکردوە کە هەست بە بوونی نەکرێ!؟**

**مەهدی رەسوڵ:** بە تەسەوری من وانییە کە چینی کرێکار دەوری نەبێت لە ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا. هەموو ئەو گەنجانەی دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان و هەموو ئەو فەرمانبەرو کرێکارو کارمەندو ئەوانەی هێزی بزوێنەری بزوتنەوە کۆمەڵاتیەکانن، توێژو بەشەکانی چینی کرێکارن. بەڵام هەر ئەوکرێکارانەی کە سەنگەری خۆیان نەدۆزیوەتەوەو لەسەنگەری ئەوبەرن، واتە هێزە بۆرجوازیەکانن بەشێوەی جۆراوجۆر رێکیان خستوون بەقازنجی خۆیان، بەهۆی وەهمێکەوەیە کە بەو هێزە بۆرژوازیانەیان هەیەو بەداخەوە هوشیاری چینایەتی و سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی لاوازە لەناویاندا کە وایکردوە کەمتر پەی بە بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیە سەربەخۆ و چینایەتیەکانی خۆیان بەرن. ئەمەشە بە ئاسانی نارەوێتەوەو کاری بە حەوسەڵەی دەوێ. ئاخرتۆ سەری ئەو هەموو ئیمکاناتە بکە کە بەدەست چینی دەسەڵاتدارەوەیە و چۆن بەکاری دێنێت بۆ چەواشەکردنی کرێکاران. بەرای من کرێکاران کاتێک هەست بەبوونی خۆیان دەکەن وەکو چینێک و خاوەنی بەرژەوەندیی جیاواز لە

# بەڵێ بۆ بەرگری لە ژولیەن ئەسانج!

عەبدوڵا مەحمود

دادگای بەریتانیا رەتی کردەوە کە جولیەن ئەسانج دامەزرێنەری ویکیلیکس رادەستی دەوڵەتی ئەمریکا بکاتەوە. جولیەن ئەسانج، بەوێنەی دامەزرێنەری ویکیلیکس، بە خستنەرووی هەزاران فایلی نهێنی سەبارەت بە چالاکییە سەربازییەکانی ئەمریکا بەتایبەت لە عیراق و ئەفغانستان، لەلایەن دادگای ئەمریکا تۆمەتبار کراوە.

دیارە ئەو هەزاران دۆسیەیەی کە دامەزراوەی ویکیلیکس خستویەتیە روو، تەنها گۆشەیەک و بەشێکی کەم لە سەدان هەزار و ملیۆنەها فایلی ترە کە دەوڵەتی ئەمریکا و دەزگا هەواڵگری و جاسوسیەکانیان، لەچوارچێوەی ملهوری و داسەپاندنی هەیمەنەی سیاسی و سەربازی خۆیدا بەسەر دنیادا، ئامادەیان کردووە.

خستنەرووی بەشێکی کەم لەو دۆسیانە، لەلایەن دەزگای ویکیلیکسەوە، بەر لەهەموو شت دەزگا جاسوسی و هەواڵگریەکانی ئەمریکا دەخاتە بەردەم لێپرسینەوە، دەخاتە بەردەم رای گشتی دنیا، وە ئەو راستیە دەخاتە روو کە دەوڵەتی ئەمریکا چۆن لە پێناوی زاڵکردن و داسەپاندنی هەژموون خۆیدا، ئامادەیە چەندین وڵات ویران و بەسەدان ملیۆن ئینسان برسی و لەبەین ببات و بنەماکانی کۆمەڵگە و ژیانکردن خاپور بکات.

ئەگەر دادگای ئەمریکا و دادگای جیهانی لەژێر کۆنترۆڵی دەق و بریارەکانی بۆرژوازی و کۆمپانیا قازانج پەرستەکان و دەوڵەتەکانیاندا نەبوایە، پایەکانی لەسەر کەمترین رادەی پاراستن و پرانسیبەکانی ریزگرتن و یەکسانی ئینسان دابمەزرایە، ئەوا سەران و نوخبەی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری ئەمریکا، دەبوایە لە بەردەم دادگا بوونایە و سزای ئەو تاوانکاریانەیان بدایە کە بەرامبەر بۆ کۆمەڵگەی ئینسانی ئەنجامیان داوە..

دادگای دەوڵەتی ئەمریکا، کە پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایەو باڵادەستی و ملهوری" یاسایی" ئەوان بەسەر دنیادا، لەبەرامبەر دزەپێکردنی بەشێک لەبەڵگەنامە تاوانکارییەکانی ئەمریکادا، ژولیەن ئەسانج و هاوشێوەکانی روبەرووی دادگا دەکاتەوە، بەڵام بکەران و



## پاشماوەی .. سەبارەت بە پرسە سەرەکیەکانی چینی کرێکار، گفتوگۆ لەگەڵ مەهدی ڕەسوڵ

بۆرژوازی کە لەڕووی فکری و سیاسیەوە هوشیاری چینایەتیان گەشەی کردبێت و تارادەیەک ریزی خۆیان رێکخراو کردبێت و حزبی سیاسی خۆیان دروستکردبێت. تا ئەمە نەبێت مەحاڵە لە حەلقە داخراوەدا کرێکاران دەورو نەخشێکی ئەوتۆیان هەبێت بە قازانجی خۆیان بشکێتەوە .

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە چی بکرێ تا چینی کرێکاری کوردستان لەهەر دوو ئاستی خەباتی ئابوری و سیاسیدا وەکو چینێکی سەرەکی و خاوەن پرس و پەیامی سیاسی-کۆمەڵایەتی خۆی بنوێنێ؟! ئەرکی هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیستی چیە لەوبارەوە؟**

**مەهدی ڕەسوڵ:** بۆئەوەی چینی کرێکاری کوردستان وەک هێزێک دەرکەوێت و لەئاستی خەباتی ئابوری و سیاسیشدا هاوسەنگی هێزی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی کوردستان وتەواوی بەرەی بۆرجوازی بەهەموو باڵە جۆراوجۆرەکانیەوە نیشان بدات، پێویستە چینی کرێکار وەکو چینێکی سەربەخۆ کە بۆخۆیەتی خۆی نمایش بکات، ئەمەش لەورێگایەوە دەبێت کە یەکەم؛ هوشیاری چینایەتی و کۆمۆنیستی لەناو چینی کرێکاری کوردستاندا گەشە بکات و دەورو جێگای کرێکارانی سۆشیالیست لە خەبات و نارەزایەتی کرێکاریدا زیاتر بەرجەستەو کاریگەر بێت. دەبێ کاریگەری فکری و سیاسی بزوتنەوە و رەوتە بۆرژوازیەکان لەناو چینی کرێکاردا بێکاریگەر بکرێ و بکرێتە دەرەوە. پێ بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەی لەو مەیدانەدا روودەدات، هۆشیاری چینایەتی کرێکار و درک کردنی بە بەرژەوەندی جیاوازی خۆی لەگەڵ بۆرژوازیدا قایمتر و روون و شەفاتر دەبێ. واتە دووەم ؛ زەمانەتی جیابوونەوەی ریزی سایسی کرێکار لە بۆرژوازی مسۆگەرتر دەبێت. هەروەها سێهەم، کرێکار بەپێی پێگەی ئابوریەکەی خاوەنی جۆرێک لە ئیمکاناتی رێکخراوبوونە. لە خراپترین هەلومەرجیشدا جۆرێک خۆرێکخستن هەیە لەناو کرێکاراندا. بەڵام دەبێ ئەم خۆرێکخستنە گەشەی پێبدرێ و هەوڵ بدرێ کە بەهێزو فراوان بکرێت. بەبڕاوی من بە دەستبەربوونی ئەم سێ فاکتەرە دەتوانرێ چینی کرێکار لەڕووی ئابوری و سیاسەوە پێگەی شایستەی خۆی پەیدا بکات. بەڵام ئەوە ئەرکی ڕابەرانی سۆشیالیستی چینی کرێکار و هەڵسوڕوانی کرێکاری و کۆمۆنیستیە کە دەست بەرن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە. هوشیارکردنەوە و دابینکردنی ریزی سیاسی سەربەخۆی چینایەتی و رێکخستنی سیاسی و جەماوەری چینی کرێکار بەندە بە پێگەو هەوڵ و تێکۆشانی ڕابەرانی عەمەلی و سۆشیالیستی کرێکاریەوە. بەبڕاوی من جێگاو نەخشی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و رێکخراوە سیاسیە کرێکاریەکان وپێگەو دامەزراوە خەباتکارە کرێکاری و سۆشیالیست و شۆرشگێرەکان لەم رووە پڕبایەخ و گرنگە. ★

## درێژەی .. بەڵی بۆ بەرگری لە ژولیەن ئەسانج!

تاوانبارانی کوشتنی ملیۆنەها ئینسان، دەبەخشێ و لەوەش واوەتر نەک چاوپۆشی، بەڵکو ڕەوایەتی بەو درندەیی و هەوسار پچراوییە سیاسی و سەربازی و کردە تیرۆریستانە دەدەت کە دەوڵەتی ئەمریکا، لە دنیادا، بێشەرمانە ئەنجامی دەدات.

ژولیان ئەسانج... نە بکوژە و نە تۆمەتبار بە هەرەشەی کوشتن و سوکایەتی بە هیچ کەسێک، بەڵکو لەراستای وێل بوونی بەدوای راستیەکانی پشتی دەزگا هەواڵگری و جاسوسیەکانی ئەمریکادا، گۆشەیەک لە دۆسیەکانی لەناو ملیونەها دۆسیەدا، دەست پێراگەیشتووەو خستویەتە ڕوو، بەمەش ڕۆڵ و نەخشی تاوانکارانەی دەوڵەتێکی خستۆتە ڕوو کە سەر ڕێژە لە تاوانکاری دیموکراسی بورژوازی. هەموو ئەو تاوانکارایانەی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتە بورژوازییەکان ئەنجامی دەدەن و ئەنجامیان داوە، بە دادگا و لەرێگای یاساوە، کە لە بنەرەتدا دادگا و یاسای بەرگری لە دەسەڵاتی دەوڵەت و چینی بورژوازین ڕەوایەتیان پێدراوە.

دادگا و دەوڵەتی ئەمریکا، بەرگری لە دەستیوەردان، داگیرکاری، ملهوری نواندن، هەڵمەتی سەرکوتی شۆرشی برسیەکان و ئازادی و ئیرادەی وەگەرکەوتویی ئینسان دەکەن و لەوەش واوەتر لەبەرچاوی دنیادا، پیادەی دەکەن، کەچی ئەگەر دەزگایەک، لایەنێک، رۆژنامەنووسێک، ناوەندێک... بەڵگەنامە و سەنەدی تاوانکارایەکانیان بخەنەروو، مەحکوم بە سزای هەر ئەو دادگا و دەسەڵاتە دەبن، کە ڕەوایەتی یاسایی داوە بە تاوانەکانیان. بێگومان ئەگەر هەرکام لەو هەنگاو و سیاسەت و پرۆژانەی بۆرژوازی دەوڵەتی ئەمریکا، کە لە دنیادا لەپێناو هەیمەنە و پاراستنی ئەو هەیمەنەیدا بەدەستیانەوە گرتووە، کەمترین ڕەوایەتی ببوایە، نیگەرانی ئاشکرابوونی نەدەبوون و دەیانتوانی بەرگری لێبکەن. بەڵام بەوهۆیە زۆر سادەیەوە کە نەخشەو سیاسەت و پرۆژەکانی ملهوری سەپاندنی بۆرژوازی بەسەر ئۆردوی ئینسانی گۆی زەویدا، لێوان لیوان لە تاوان و تاوانکارین، بۆیە ناتوانن بەرگری لێ بکەن و خۆیانی لێ بەخاوەن بکەن.

ڕەتکردنەوەی داوای دادگای ئەمەریکا، لەلایەن دادگای بەریتانیاوە، ناتوانرێت وەکو پشتیوانی دادگا و دەوڵەتی بەریتانیا لە ئازادی سیاسی رادەربڕین و دەستراگەیشتن بەزانیاری، تەماشا بکرێت. بەتایبەت کە کارنامەی خودی دەوڵەتی بەریتانیا و دادگاکەی، بەیانی جیاوازیەک لەگەڵ دادگا ئەمریکا لەسەر تاوانکارییەکانی جەنگ و دەستیوەردان و داگیرکاریەکان ناکات... بەتایبەتیش لەسەر هەر دوو کەیسی داگیرکاری عیراق و ئەفغانستان.

بریاری دادگای بەریتانیا، بریارە لە بەرگری تاکە کەسی راونرا و داواکراو، وەکو هەر کەیسێکی سیاسی تر کە لە دنیادا تا رادەیەکی زۆر بوتە باو و نۆرمی مامەڵە لەگەڵ ئەو فایلانەدا، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ئەمریکا گوشارێکی زۆر و هەمەلایەنەی خستە سەر بەریتانیا تا بریاری رادەست کردنەوەی جولیان ئەسانج بە ئەمریکا بدات، بریاری دادگای بەریتانیا بە رەتکردنەوەی داوای ئەمریکا و رادەستنەکردنەوەی هەنگاوێکی ئیجابییە لە راستای بزوتنەوەی بەرگری لە جولیان ئەسانج.

دیارە پێویستە، بلۆک و بەرەی ئازادیخوازو و زانیاری دۆست، لەهەر جێگایەکی دنیا هەن، بەرگری لە ژولیان ئەسانج و هەر دەزگاو ناوەندیک بکەن، کە راستییە شاراوەکان، بۆ دنیا دەخەنەڕوو. وە هاوکات نابێ رێگە بدەن هیچ کەسایەتیەکی سیاسی، بەرپرسی هیچ دەزگا و ناوەندێکی لێکۆڵینەوە، یان نووسەر و رۆژنامەنووس و رەخنەگری... هیچ وڵاتیک، لەسەر داوای وڵات و دەوڵەتێک کە پەنای بردۆتەبەر دەوڵەتیکی تر رادەست بکرێتەوە. خۆ ئەگەر رادەستکردنەوەی کەسایەتییە سیاسیەکان یان نووسەو رۆژنامەنووس و بەرپرسی دەزگاو... داواکراوەکان رێگەی پێ بدرێت و ببێتە نۆرم، دنیا دەبێتە گەواهیدەری تراژیدیای زیندانی دەیان و سەدان هەزار ئینسانی چالاکی سیاسی و رۆژنامەنووس و نووسەر و هاوکاتیش پەتی سێدارەو سەندنەوەی ژیان لێیان. لەم روانگەیەوە بریاری دادگای بەریتانیا، بەرەتکردنەوەی داوای ئەمریکا هەنگاو نەریتێکی جێگای پشتیوانییە.

بەرگری لە ژولیان ئەسانج، لە سەلامەتی و تەندروستی تا ئازادکردن و پارێزراوبوونی، ئەرکێکی تەواو ئینسانی ئازادیخوازانەیە...

★

**دەسەڵاتیك نەتوانێ لەماوەی (٣٠) ساڵدا ئاوو کارەبا و مووچە و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، دەبێت هەرچی زووترە بڕوات!**

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر: موحسین کەریم
00964(0)770 047 5533
muhsin_km@yahoo.com

## درێژەی .. شۆڕشی ١٩٠٥ ی ڕوسیا و دوو هێڵی چینایەتی جیاواز!

لیبراڵەوە دژی قەیسەر و سیستەمەکەی دەوستانەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە چینی کرێکار لەگەڵ کێدا هاوکاری دەکات. یەکێک لە کێشەکانی لینین لەگەڵ مەنشەفیەکاندا لە شۆرشی ساڵی ١٩٠٥ ئەوەبوو کە مەنشەفیەکان دەیانووت مادام ئەم شۆرشە شۆرشی دیموکراتی بۆرجوزیە کەواتە دەبیت ئێمە پشتی حزبە لیبراڵەکان بگرین، بەتایبەتی کادیت. بەڵام لینین دەیوت سەرمایەداری ڕوسی جگە لەوەی کە ڕوبەڕووی بزوتنەوەیەکی کرێکاری بووەتەوە،لە هەناوی خۆشیدا ڕوبەڕووی دووجۆر لە بزوتنەوەی بورژوازی بوەتەوە کە دژی قەیسەر خەبات دەکەن.یەکێک لەوانە بزوتنەوەی جوتیارانی شۆڕشگێڕە کە دەیانەوێت دەستبگرن بەسەر زەوی و زاری دەرەبەگەکانو بە شێوەیەکی شۆرشگێڕانە دابەشی بکەن بەسەر جوتیاراندا،هەروەها دەیانەوێت کۆتایی بە سیستمی دەرەبەگایەتی و ڕژێمی پاشایەتی قەیسەربێنن کە نوێنەرایەتی ئەو چینەدەکات. لەبری ئەودەسەڵاتێکی دیموکراتی کۆماری دامەزرێنن. لە هەمانکاتدا بزوتنەوەیەکی تر هەیە کە لیبراڵە دیموکراتیخوازەکان ڕابەرایەتیی دەکەن، خوازیاری ئەوە بوون دەسەڵاتی قەیسەر وەک خۆی بمێنیتەوە، بە ڵام دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی دەستوری دیاری بکرێت؛ واتە خوازیاری پاشایەتی دەستوری بوون.

هەموو هەوڵێکیان بۆئەوەبوو دەسەڵات لەناوخۆیدا کۆمەڵێک چاکسازی بکات، نەک سەروژێرکردنەوەی هەموو سیستمەکە.هەر بۆیە لینین دەیوت نابێت ئەم دووهێزە وەک یەک سەیرکەین، چونکە لیبراڵەکان سازشکارن و لە ئەنجامدا خیانەت بە شۆررش دەکەن، بەڵام بزوتنەوەی جوتیاران هێزێکی شۆڕشگێڕ و کۆماریخوازن بۆیە دەبێت پشتیوانیان بکرێت.

لێرەوە ململانێی سیاسی سێ ڕەوتی کۆمەڵایەتی دەرکەوتن کەئەوانیش {بزوتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری، بزوتنەوەی دیموکراسی شۆڕشگێری جوتیاران و بزوتنەوەی دیموکراسی لیبراڵەکان} بوو. ئەم ڕەوتانەش هەریەکە بۆخۆی حزبی خۆی هەبوو، ململانێی سیاسی لەبەینی ئەم حزبانەدا لەسەر ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی دەستی پێکرد. ئەم کێشمەکێشە سیاسیانە کە لەشۆڕشی ساڵی ١٩٠٥وە بەردەوام دەبیت تا هەردوو شۆڕشی شوبات و ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧.

لینین هەر لەسەرەتاوە دەیوت کە بورژوازیە لیبراڵەکان جێگەو ڕێگەیەکی دژی شۆڕشیان هەیە لە شۆڕشی دیموکراتی ڕوسیادا، بۆیە پڕۆلیتاریا ناچارە ڕێکخەر و ڕابەری شۆرشی دیموکراتی بێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕابەرایەتی جوتیارە شۆرشگێڕەکان بکات و دژایەتی تەواوی بورژوا لیبرالەکان بکات. بەبێ ئەمەشۆڕش ناتوانێت بەئاکام بگات. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوسیا لەم ڕێگەیەوە نەبێت ناتوانرێت بەو بارەدا وەرچەرخێنرێت کە شۆڕشی کرێکاری تیا سەرکەوێت.

هەر لێرەوە لینین داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێت بلۆکێکی ڕادیکاڵ دروستبێت تا بتوانێت هاوپەیمانێتیەکی چینایەتی دروستبکات بۆ دامەزراندنی حکومەتی دیموکراسی شۆڕشگێڕی کرێکاران و جوتیاران. هەروەها لینین باسی لە کاری هاوبەشی حزبی سۆشیال-دیموکراتی ڕوسیا دەکات لەگەڵ گروپە سیاسی و حزبەکانی سەر بە بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی جوتیاران، جا چ لە مەیدانی کاری شۆڕشگێرانە و پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشدا بێت وەیا هاوکاری وکاری هاوبەش بێت لەناو پەرلەماندا. بەڵام مەنشەفیەکان کە لەناو حزبی سۆسیال-دیموکراتی ڕوسیادا بوون، بە پێچەوانەوەی بەلشەفیەکانەوە دەیانوت مادام شۆڕش لە ڕوسیادا شۆڕشێکی دیموکراتیە و سۆسیالیستی نیە، کەواتە سەر بە بورژوازیە، بۆیە ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە دەبێت ڕابەرایەتیەکەی بەجێبهێڵن بۆ بۆرژوالیبرالەکان کە لەوکاتەدا حزبی کادیت ڕابەرایەتی دەکرد. بەپێی ئەم بۆچونەش ڕابەرایەتی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ڕوسیا دەدرایە دەست لیبراڵەکان، جوتیاران و کرێکارانیش دەبونە ژێردەستی بورژوا لیبراڵەکان. لینین دژی ئەم بۆ چونەی مەنشەفیەکان بوو،هەمو هەوڵی خۆی دەدا تا نەبنە پاشکۆی لیبراڵەکان، چونکە ئەم سیاسەتە دەبووە هۆی بەهێزبونی لیبراڵەکان لەسەر حیسابی بزوتنەوەی سۆشیالیستی و پرۆلیتاری..

لەلایەکی ترەوە لینین خەباتی فکری وسیاسی خۆی دژی سۆسیالیزمی خەڵکی پۆپۆلیستە ناردۆنیەکان و حزبە سیاسیەکانیانی وەک (ترۆدۆفیک) و (سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکان) دەکرد، تابتوانێت ڕێگر بێت لەوەی جوتیاران خۆشباوەڕبن بە لیبراڵەکان . کە دەیانویست بە چاکسازیەکی ناتەواو چارەسەری مەسەلەی جوتیاران و زەویوزار بکەن. لەو ڕێگەیەشەوە شۆڕش ناکام بکەنەوە. لینین هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە لیبراڵەکان ، ڕاڕایی لەناو حزبی سۆشیالی دیموکرات و ڕەوتە سیاسیەکانی سەر بە بزوتنەوەی جوتیاران و خۆشباوەڕیان بە لیبراڵەکان نەهێڵێت و هاوپەیمانەتی سۆسیالیزم و دیموکراسیەتی شۆڕشگێرانە پتەوبکات. لێرەوە بەرەی شۆڕشی کرێکاران و جوتیاران بەهێز بکات دژی سەراپا سیستمی سیاسی و ئابوری ڕوسیا. سەرەنجام ئەزمونی واقعی مێژووی خەباتی چینایەتی ڕوسیا ڕاستی و دروستی بۆچوونەکان و لێکدانەوەکانی لینینی بە کردەوە دەرهێنا و چینی کرێکار و جوتیارانی هەژاری ڕوسیا توانییان لە شۆڕشی شوباتدا سەرکەوتن بەسەر قەیسەرو هەروەها دواتر بەسەر لیبراڵەکاندا بەدەست بێنن و هەنگاو بنێن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر.

★

# حکومەتی قەیرانگرتوو لە بەرامبەر خەڵکدا!

خەسرەو سایە

هەر حکومەت ودەسەڵاتێک، لەکاتێکدا دووچاری قەیرانی سیاسی دەبێ ودەکەوێتە بەرامبەر خەڵکی نارازیەوەوە، بەدوشێوە مامەڵەدەکات. ئەم دوو شێوەیە لەمامەڵە بۆ هەموو جۆرەکانی حکومەتی بۆرژوازی هەروایە، جا حکومەت ودەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و دیکتاتۆر بێت یان تەنانەت ئەگەر بەرگی دیموکراسی وپەرلەمانیشی پۆشیبێت.

ئەو دووشێوازەش لەمامەڵەکردن دەستبردنە بۆ سەرکوتگەری بێپەردە وبلاوکردنەوەی وەهم وبەڵێنی درۆ. ئامانجیش لەهەردوو ئەم شێوازە، دامرکاندنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش وپارچەپارچە کردنی ریزی یەکگرتووی خەباتەکەیانە. بۆ نمونە لەسەردەمی حکومەتەکەی ادل عەبدول مەهدی دا بینیمان کەچۆن هاوکاتی کوشتاری خۆپیشاندەران و پەلامارەکانی بۆسەر خۆپیشاندەرانی مەیدانی تەحریر، رۆژانە درۆی ئەوەی بلاو دەکردەوە کەخۆی وحکومەتەکەی لایەنگری "خواستی خەڵکن وئەوان هەقیانە بۆ باشکردنی ژیانیان نارەزایەتی دەربربن"!.. تەنانەت دەیوت "من لێکۆڵینەوە لەوانە دەکەم کەتەقەیان لەخەڵکی خۆپیشاندەر کردووە"!!.

بەمجۆرە بینیمان عدل عەبدول مەهدی وحکومەتەکەی کاتێک کەوتە بەرامبەر بەخەڵکەوە هەم کوشتاری کردو هەم درۆی بەخشیەوە.

حکومەتەکەی کازمی و بەرزانیش، هەمان شێواز وسیاسەتیان بەرامبەر بەخەڵکی نارازی گرتۆتەبەر. ئەم دوو دەسەڵاتەی چینی بۆرژوازی وسەرمایەدارانی چاوبرسی، کەهەم لەبەغدا وهەم لەهەولێر، پێکەوە دەستیان بەسەر نان وموچەو بژێوی خەڵکدا گرتووە. بەرۆشنی دەبینین کەچۆن لەلایەک کەوتونەتە پەلاماردانی خەڵکی نارازی وبەگازی فرمێسکرێژ وبەکوشتن وگرتن و چونە سەرماڵان و بەکۆنترۆڵکردنی بازاڕ وناوەندی شارەکان بەمیلیشیای حزبەکان، راستەوخۆ سەرکوتی هاتنەمەیدانی بەرهەقی خەڵکی نارازی دەکەن، وەلەلایەکیتریشەوە، دەستیان بردووە بۆ پروپاگەندەی چەواشەکاری و بەڵێنی درۆ. ئەوەتا هەم کازمی وهەم مەسرور بەرزانی، هەم لاهور جنگی وهەم سەرۆکی پەرلەمان وبەرپرسانی ووردو درشتی حکومەت وحزبەکانی نیو دەسەلات بەهەر بۆنەیەکەوە بێت، جەماوەر دەلاوێننەوە و وادەو بەڵێنی درۆ بەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەدەن، لەجۆری ئەوەی "دۆخەکە باشدەکەین، ئەگەر داهاتمان بوو مووچە دەدەین، کێشەی بێکاری وهەژاری وکەمیی خزمەتگوزەرانی چارەسەر دەکەین".. هەروەها دەڵێن"ئێمە رێکدەکەوین وناهێڵین خەڵکی لەمەزیاتر لەم قەیرانەدا بمێننەوە.. ئێمە چاکسازی دەکەین".. بەڵام هەر زۆر نابات رووی درۆ وپێچەوانەی قسەکانیان دەردەکەوێت ونەهامەتیەکی تر وپەلامارێکی تر بۆسەر سفرەی بێرەونەقی خەڵکی هەژار وکەمدەرامەت بەرێدەخەن. دابەزاندنی نرخی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا نمونەیەکی بەرجەستەیە لەم رووەوە. لەیەک ووتەدا ئامانج لەهەر سیاسەتو تاکتیکێکی ئەم دەسەڵاتانەی سەرمایە هەم لەعێراق و هەم لەکوردستان، بەرامبەر بەچینی کرێکار وزەحمەتکێش، تەنها رووی لەوەیە جولانەوەی بەرهەقی جەماوەر خەفەبکەن، ریزی خەباتیان پارچەپارچە بکەن وبەدرۆ ودەلەسە دوجاری خۆشخەیالییان بکەن ولەچاوەروانیدا رایان بگرن. سەرەنجامیش ئەو ترسەی کە خرۆشانی جەماوەری خستویەتیە دڵیانەوە، برەوێنێتەوە.

باهەر لەچوارچێوەی ئەم باسەدا سەرنجێک لەئەندام پەرلەمانەکان بدەین. ئەمانە دەڵێن ئێمە نوێنەری خەڵکین و خەڵک دەنگی پێداوین! دەڵێن ئێمە پشتیوان و لایەنگری خواستی خەڵکین! کەوایە ئەگەر درۆ ناکەن و بەراستی خۆتان بەنوێنەرو لایەنگری خواستی خەڵک دەزانن، دەفەرمون بڕۆن و دەست لەم حوکمەت و سیستەمە بەردەن، چونکە خەڵک هەم بەقسەو هەم بەکردەوە رایگەیاندووە کە ئەم دەسەڵات و سیستەمەی ناوی و



خوازیاری وەلانانیەتی. ئەگەر راستدەکەن و ناتانەوێت خوێن بڕێژرێت، هیچ گەنجێک نەکوژرێ و کەسیش بریندارنەبێ، ئەگەر دەتانەوێت هیچ پێشمەرگەو هیچ چەکدارێکی حزبەکان لولەی چەکەکانیان ئاراستەی سینەی خەڵکی خرۆشاوو نارازی نەکەن، دەفەرمون بەرێگای ئاشتیانەو مەدەنی وەک خۆتان و سەرانی حکومەت بانگەشەی بۆدەکەن، دەسەڵات وحکومەت تەسلیم بەخەڵکی نارازی بکەن..

ئەگەر راستدەکەن و رێز بۆ نوێنەرایەتی خەڵک دادەنێن، رێگا بدەن با دەنگی بەرهەق و ئازادیخوازانەی جەماوەر، ئایندەی لەدەستبگرێ و هەرخۆشیان لەسەر شێوەی بەرێوەبردنی کۆمەلگا بڕیاربدەن. ئەگەر نا بەدڵنیایەوە ئێوە درۆدەکەن.. درۆدەکەن تا لەپێناو مانەوەی ئەم گێژاوەی کە ناوتان ناوە حکومەت و ئەو بازاری قاچاغچێتی و تاڵانیەی ناوتان ناوە دیموکراسی و پەرلەمان، خەڵکی چەواشەبکەن و راستیەکانی لێبگۆڕن!

بەڵێ جەنابانی ئەندام پەرلەمان، ئەگەر ئێوە بانگەشەی نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن، ئەوا هەر ئەو خەڵکەی دەنگی پێداون ئەمرۆ رای گۆڕاوە و

بڕیارێکی تری داوە..

ئەمڕۆ هەر ئەو خەڵکەی دوێنێ دەنگی پێدان لەبەرامبەر ئێوە و سەرتاپای سیستەم و حکومەت و پەرلەمانەکەتاندا ڕاوەستاوەو داوای کۆتاییهاتنی دەکات. ئەمڕۆ جەماوەری نارازی دەرکی بەو ڕاستیە چینایەتیە کردووە کەژیان و بەرژەوەندی و چارەنوسیان، بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ شێوەی ژیان و بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەواو بنەماڵە دەستڕۆیشتوەکانی دەسەڵات و خاوەن کۆمپانیا و هەموو ئەو حزبانەی کەلە "ئەزمونی کوردایەتی"دا هاوبەشن. لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیاریانداوە، چیتر لەسایەیدا ژیان نەکەن و داوای ڕوخانی بکەن.

ئەگەر ئێوە درۆناکەن بڕۆن، با خەڵکی نارازی بەشێوەی ئازادانەو جەماوەری بڕیار لەسەر شێوەی ژیانی خۆی و دەسەڵاتداریتی جەماوەری خۆی بدات. خەڵکی کوردستان هێندە کەسانی دڵسۆز و پسپۆڕ وشارەزای تێدایە کەبتوانن بەشێوەیەکی شارستانیانە سیستەمێک دامەزرێنن کە سەد جار لەو نمونەیەی ئێوە نیشانتان داوە، باشترو ئازادانەترو خۆشگوزەرانتربێت.

بەڵام هەموو ئەم جەنابانە درۆدەکەن. هەروەک ئاماژەمان پێکرد ئەوان لەلایەکەوە درۆ دەبەخشنەوە و لەلایەکی تریشەوە دەست بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ئازادیخوازی و نارەزایەتی بەرهەقی کرێکاران و لاوان و فەرمانبەران و ژنان دەبەن. سەرەنجام هەموو ئەم ڕاستیانە ئەوە دەسەلمێنن کەخەڵکی کەوتۆتە بەرامبەر حکومەتەوە.

ئەمە هۆکاری سەرەکی قەیرانی دەسەڵاتە و حکومەتیش ئامادەیە دەست بۆ هەر پەتێکی ڕزیو ببات تا لەم قەیرانە قووڵە، خۆی دەرباز بکات. قەیرانێکی حکومەتی کەهەموو حزبەکانی ناوحکومەت و پەرلەمانی گیرۆدەی خۆی کردووە. تەنانەت شەڕو کێشەی نێوانیشیان لەسەر ئەوەیە کە کام حزبەو کام لایەنە دەتوانێ پایەکانی ئەم دەسەڵات و سیستەمە لەبەردەم سێلاوی خرۆشانی جەماوەردا بپارێزێ و خەڵک سەرکوت و بێدەنگ بکات و بەبێ دەستکەوت ڕەوانەی ماڵەوەیان بکاتەوە.

ئەگەر سەرنج لەووتەو دەربڕینی ئەندام پەرلەمانە نارازیەکان و تەنانەت سەرنج لەقسەی لێرەولەوێی سەرانی حزبەکانی نێودەسەڵات بدەین بەڕۆشنی ئەوە دەبینین کە چۆن هەموو ئەم حزب ولایانانەی نێو خێزانی بۆرژوازی بەردوام لەهەوڵدان بۆ چاوبەست کردن و بەلاڕێدابردنی نارەزایەتی جەماوەرو خواستە بەرهەقەکانیان. پێداگری ئەم لایەنانە لەسەر چاکسازی حکومەتی ئێستا، وەیا باسکردن لەهەڵوەشانەوەی حکومەت وسازدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت، وەیاخود گرێدانەوەی هەموو کێشەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێکەوتن لەگەڵ بەغداوە، ئەمانە ئەو دروشم وڕێگاچارە هاوبەش ولەهەمانکاتدا ناکۆک بەیەکەیە کەئەم لایەنانەن لەبەرامبەر قەیرانی دەسەڵات ونارەزایەتیەکانی خەڵکدا خستویانەتە ڕوو، کەبێگومان ئامانج لێیان تەنهاو تەنها بۆئەوەیە کەخەڵکی نارازی ئومێد بەم حکومەت و پەرلەمانە لەدەستنەدەن و ئەم سیستەمە کە٣٠ ساڵە ژیانی زۆرینەی خەڵکی هاڕیوە، دوبارە بمێنێتەوە. لەکاتێکدا ئەوە هەر ئەم پەرلەمان و حکومەتە و هەر ئەم حزبانەیە ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی بەم ڕۆژە گەیاندووە.

خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێشی کوردستان هەروەک ئەوەی خوازیاری باشبژێوی و خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتین، بەپێویست لەدژی سەراپای دەسەڵات و سیستەمی ئێستاشن، کە لەسەر جیاوازی چینایەتی دامەزراوە. ئەوان دەیانەوێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەم هەژاری و بێکاری و دابەشبوونە چینایەتیەی نێوان خۆیان و چینی سەرمایەدارو دەسەڵاتدار ڕزگاریان ببێ و سیستەمێک لەحکومڕانی دامەزرێ، کەژیانێکی ئازادو خۆشگوزەران، لەسەر بنەمای عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەڕیوەبچێت. ئەوان دەیانەوێت ئەم دەسەڵاتەی ئێستا نەمێنی بۆیە کەوتونەتە بەرامبەریەوە. کەوایە ئەگەر کارگەران و زەحمەتکێشانی کوردستان داوای ڕوخانی دەسەڵات وسیستەمی ئێستا دەکەن ئیتر بڕیار نیە مەسەلەی ڕوخانی دەسەڵاتی ئێستا لەوەدا کورت بکرێتەوە کەدەسەڵاتی کۆمپانیاکانی پارتی و یەکیەتی وەلابنرێ و ئەوجا نۆرە بدرێ بە کۆمپانیاکانی سەر بەکۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو و نەوەی نوێ. بڕیار نیە خەڵک بۆئەوەی هەقیقەتی هەموو ئەم حزبانە بناسن ٣٠ ساڵی تر لەبێکاری و هەژاری و نەداریدا بمێنن تا ژیان لەسایەی کۆمپانیاکانی ئەحزابی بەناو ئۆپۆزسیۆنی ناوپەرلەماندا تاقی بکەنەوە و ئەوجا بەو ڕاستیە بگەن کە سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراسی ئەم حزبانە فۆرمێکە بۆ یاریەکی سیاسی بەقازانجی چینی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی.

خەڵکی نارازی کوردستان هەرگیز نابێ ئەو بەڵگەیە لەبەرچاویان کاڵبێتەوە کە چۆن لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتی ٢٠١١دا بزوتنەوەی گۆڕان نارەزایەتیەکانی جاماوەری کردە بەردەبازێک بۆ پەڕینەوە بۆ نێو دەسەڵات و دواتر و ئێستاش بووە یەکێک لەحزبەکانی نێو ئەم دەسەڵاتە.، کاتێکیش باس هاتە سەر مافی خەڵک، بینیمان کەچۆن لەسایەی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا، لەمووچە بڕدراو نەدرا. کەچۆن خانەنشینان و کەمئەندامان لەمووچەی کەم و بێبایەخیان کەمکرایەوە.. بەڵام لەولاشەوە دزیو تاڵانی سەرانی دەسەڵات بەوپەڕی خۆی گەیشت و ئەوانیش قەبوڵیان کردووە.

کەوایە ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریتی جەماوەریە. ئیتر دەبێ کۆتایی بە دووبارەبونەوەی ئەو سیناریۆیە بهێندرێ، کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەڕوانگەی بەرهەقبوونی خواست و ئاواتەکانیانەوە ناوەناوە پێبنێنەمەیدانەوە و قوربانی بدەن، تا باڵێکی بۆرژوازی کەلە دەسەڵاتدایە، بدەن بەزەویدا، بەڵام داهاتوی خۆیان و

بۆ لاپەڕەی کۆتایی

مەنسور حیکمەت لەنوسراوەی :

# دیموکراسی لێکدانەوەکان و واقیعەت

.... دیموکراسی لە سیستەمی فیکری مندا وەک کەسێکی سۆسیالیست و مارکسیست، دەستەواژەیەکی بناغەیی نییە. ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین. بۆ ئێمە ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە، وەلێ دیموکراسی، هەر وەک پێشووتریش باسم کردووە، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاریکراوە لە چەمکی فراوانتری ئازادی. دیموکراسی دەستەواژەیەکە کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویدا لە ڕێگای ئەم دیموکراسییەوە چەمکی فراوانتری ئازادی لەقاڵب داوە. کەواتە تێگەیشتنی من لە دیموکراسی تەنها دەتوانێ تێگەیشتنێکی بابەتی و مێژوویی بێت. کەسێکی لیبراڵ یان دیموکرات، کەسێک کە دیموکراسی یەکێکە لە ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانێ لێکدانەوەیەکی "داخیلی" و زاتی لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بە دەستەوە بدات، دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسی واقیعی چییە و چی نییە. بەڵام بە ڕای من کەسێکی مارکسیست دەبێ مانای مێژوویی و پراکتیکی دیموکراسی و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی باس بکات. دیموکراسی، نەک وەکوو زاراوەیەک لەم یان لەو کتێبی کۆندا، بەڵکە وەکوو ڕاستییەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن لە دیموکراسی هەیە و لەڕووی مێژووییەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە، وە یان لێکی داوەتەوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوەی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێردەستەکان بووە و لە لایەن بیریاران و بزاڤەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە دەرناخات کە ئەم چەمکە بۆرژوایی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارێتی ئایدیۆلۆژی و ترمینۆلۆژیی بۆرژوایی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشان دەدات. کۆمەڵگای بۆرژوایی توانیویەتی چەمکی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنووری کۆتایی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە ژێردەستەکان و شێوەی کۆتایی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ئێوە بۆ ئازادی دەجەنگن و دوای "سەرکەوتن" پەرلەمان و "پلۆرالیزم" بەدەست دێنن.

بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم چەمکەی کردۆتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و ناڕۆشنترین چەمکەکان لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکاندا. بزووتنەوە و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان، بە ئامانج و بەرژەوەندیی جیاواز و جاروبار دژ بەیەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووە و دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نییە. هەلومەرجی سیاسیی جیاجیا لە لایەن ڕەوتە جیاجیاکانەوە بە دیموکراسی ناوبراوە. هەر لە دەربڕینە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردییەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە مرۆڤدۆستانە و حەقخوازانەکان، وجوودیان بووە و هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادیخوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە، بناسین و پێناسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی چەمکی دیموکراسی، هەر بەم شێوە گشتییەی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەوە پاش ئەوەی ئەو سیفەت و پاشگر و پێشگرانەی کە دەخرێنە پاڵ دیموکراسی، ئینجاکە ئەم وشەیە مانایەکی ڕۆشنتر پەیدا ئەکات. وەک دیموکراسی لیبراڵی، دیموکراسی خەڵک، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی (representative)، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی ڕۆژئاوا و شتی تر. ئەم زاراوانە لەڕووی سیاسییەوە بە تەواوی زانراوە و دەکرێ پێناسە بکرێن و جیاوازییەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتییەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوە و هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیابکرێنەوە.

* بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەم بابەتە سەردانی سایتی حزب بکە:

www.hkkurdistan.org

## پاشماوەی.. حکومەتی قەیرانگرتوو...

خەباتەکەیان تەسلیم بەباڵێکی تری نێو خانەوادەی هەر ئەم چینەو حزبەکانی بکەنەوە.. دەبێ ئەم مەترسیە لەبەردەم خەباتی جەماوەریدا هەڵگیرێ. بێگومان ڕاوەستانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لە یەک جولانەوەی سەربەخۆی چینایەتیدا، جولانەوەیەک کە کۆمۆنیزم شۆرشی چینایەتی کارگەر ئاڵا هەڵگریەتی، مەرجێکی حەیاتیە..

٣٠/١٢/٢٠٢٠ ★


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

مەکتەبی سیاسی:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)770 047 5533
Email: muhsin_km@yahoo.com

سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
عیرفان کەریم
Email: arfan96@yahoo.de

ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات:
دەشتی جەمال
Mob: 0044 (0) 07856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
نوری بەشیر
Email: nooribashir1@yahoo.com
Mob: 0044 (0) 74 7620 4121